چۆن بووم بە وەزیر

دکتۆر عەبدولستار تاهر شەریف

١٩٧٤

بەڕێز سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەواڵ

سلاوێکی برایانە

ئەوا لەگەڵ ئەم نامەیەمدا سێ لاپەڕەی بلاونەکراوەی یادداشتەکانم بۆ ڕۆژنامەکەتان، ڕۆژنامەی هەواڵ نارد، ئومێدەوارم بلاوی بکەنەوە ، بابەتەکەش " چۆن بووم بە وەزیر " بوونمان بە وەزیر لە ساڵی ١٩٧٧ لە حکومەتی ئەحمەد حەسەن بەکر ، نموونەیەکە لە گەلێ نموونە شاراوەکان لە بواری سیاسەت ووەرسووراڵی کاروباری دەوڵەت ، ئومێدەوارم دوای ئەوەی هەندێ لاپەڕەی نهێنی لە یادداشتەکانم لەسەر لاپەڕەکانی " هەواڵ بلاو ئەکەمەوە ، وەزیرە کوردەکانی تریش لە سەردەمی حکومەتی ئەحمەد حسن بەکرو پاش ئەویش حکومەتی صدام حسێن شتێ لەو ڕووەوە بڵاوبکەنەوە بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئازیز بزانن بوونی هەر یەکێ لە وەزیرەکانیان ، نە لەسەر داوای خۆیان بوو یان پێش ئەوەی بکرێن بە وەزیر پرسیان پێ بکرێ

د . عبدالستار تاهر شەریف
مامۆستای زانکۆی کەرکوک ٢٠٠٥/١/١٦

کەواتە بە صدامی وتبو، ئەوە بوو صدام بە نعیم دەڵی هەرزوو ئەم شەو عبیدالله بنێرە وشاغرمان هەیە ، ئەوە بوو صدام بەمنی وت جەنابت دەبێت بەوەزیری ئیشغال لەبەر ئەوەی عبدالله مان دانا بوو بۆ ئیشغال ودوای ئەوەی ئەو خۆی کشاندەوە تۆ لەهەمویان زیاتر دەس ئەدەی بۆ ئەم وەزارەتە وعبیدالله دەکەین بە وەزیری دەوڵەت .

بەڵێ کردنی یەکێ بە وەزیر وپاشانیش دەرکردنی لەوەزیری تەسەروفاتێکی فەردی بو لە قیادەی حیزبی بەعس وئارەزوی شەخصی دەوری سەرەکی هەبوو لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت .ئەو ڕۆژەی مەرسومەکەمان دەرچوو ئێمە لای نائب بوین ، بە ئێمەی وت ئەوەی بۆ مەلا مستەفامان کردووە یان بەلێنمان دابو پێی لەزەمانی ئێوە ئەنجامیان دەدەین ، بەڵکو زیاتریش عزیز عقراوی (هەڵەشە) هەلسایە سەرپێ ودەستی نایە بان شان صدام وپێی ووت (انت اکبر بطل فی التاریخ) ماوەیێکی کورت وەك وەزیری ئیشغال مامەوە ، ئەو ماوە کورتەی وەزیری ئیشغال بوم ئیسپاتم کرد کەوا وەزیری دەرەجە دوو نەبوم وبەوپەری توانامەوە خزمەتی وەزارەتەکە وعیراق وکورد و کوردستانم کرد ، تا ١٩٧٤/١١/٤ ئەوەبوو نەقلی وەزارەتی بەلەدیات کرام لەسەر ئارەزوی سەرەك کۆمار احمد حسن البکر ،بەڵێ لە ٨ی نیسان ساڵی ١٩٧٤ لەوەزارەتی ئیشغال دەوامم کرد ، پێش من محسن دزەیی وەزیری ئیشغال بو ، پێش ئەویش (نوری شاویس) لەم وەزارەتە بوو، ئەوەی ڕاست بێ نە محسن ونە نوری شاویس دەورێکیان نەبو ، تەنها چەند موچەخۆرێکی کوردیانیش دانەمەزراندبو ، سەرەڕای ئەوەی ئەوان دوو وەزیر بوون پارتییان لەپشت بوو .

بەڵام من بۆ یەکەم جار دەوری خۆم دی وەك وەزیر وداوای دوکتۆر (ناجح الراوی)م کرد بۆ ئەوەی ببێ بە وەکیل وەزیر لەبەر ئەوەی ئەندازیارێکی سەرکەوتوبو هەروەها مامۆستایێکی جامعی بوو هەروەها ژمارێیکی زۆری کوردم دامەزراند وژمارەیێکی کوردی دەرکراوەم گێڕایەوە بۆ سەر وەزیفەکانیان .

لەسەرەتادا هەندێ لە ئەندامانی قیادەی حیزبی بەعس هەوڵیان دا دەست لە ئیش وکاری وەزارەت وەردەن، یەکێك لەوانە غانم عبدالجلیل بو، ئەوەبو جارێکیان تەلەفۆنی بۆ کردم وتی ئەوە جەنابت چۆن کرێکاران لە وەزارەت دادەمەزرێنی بەکەیفی خۆت بەبێ ئەوەی گوێ بدەیتە یاسای کار (قانون العمل) یان بێ پرس ورای نەقابی کرێکاران ولەم جۆرە هەڵەوەریانە،منیش بە توندی وەڵامم دایەوە وپێم ووت : جەنابت بە چ سیفەتێك تەلەفۆنم بۆ دەکەی سەرەك کۆماری یان چی؟ من بە کەیفی خۆم ئیش دەکەم وتەنها سەرۆك کۆمار احمد حسن بکر ئەو مافی هەیە ئەوامر بدا نەك جەنابت وتەلەفۆنەکەم داخست ویەکسەر تەلەفۆنم کرد بۆ سەرەك کۆمار وداوام کرد چاوم پێی بکەوێ ئەوەبو لەسەر وەرەقەیێك ئیستقالەم نووسی وچومە لای سەرەك کۆمار ومەسەلەکەم بۆی روون کردەوە و وتم من نازانم چەند سەرەك کۆمارمان هەیە ئەگەر وانیە ئەی چۆن غانم بە تەلەفۆن پێم دەڵێ (استاذ عبدالستار اشوف تعینون العمال فی الوزارة ودوائر دون الرجوع الی قوانین العمل او مجلس قیادة الثورة) بەسەرەك کۆمارم وت منیش بەم جۆرە وەڵامم دایەوە :(كاك غانم لا ادري باي صفة تخابرني ، انني الوزير، اعين العمال دون الرجوع الى قوانين العمل او مجلس قيادة الثورة لانني اصلا مخول بذلك يظهر انكم لا تقراون حتى قرارات المجلس وهناك رئيس للدولة لة الحق ان يسالني ويحاسبني فاعلم انني لا اسمح لكم بالتدخل في شؤون هذه الوزارة ولا اقبل ان تخابرني مرة اخرى بهذا الاسلوب وشكرا)

دوای گێڕانەوەی مەوزوعەکە ، سەرەك کۆمار زۆر تورەبوو ، یەکسەر تەلەفۆنی بۆ صدام حسێن کردو داوای لێ کرد تەمێی غانم عبدالجلیل بکاو پەیوەندیشی نەمێنێ لەگەڵ حزبە کوردیەکان دا کەواتە ،(پارتی شۆرشگێڕی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان جەماعەتی عزیز هاشم عەقراوی وبزوتنەوەی پێشکەوتنخواز جەماعەتی مەلا عبدالله اسماعیل) هەروەها پێمی ووت ئەوا زانیت کێ سەرەك کۆمارە ، ئێمە ڕێ نادەین بەکەس خۆی فەرزبکا بەسەرتانا منیش سەیرم کرد مەوقفی سەرەك کۆمار بەو جۆرە ئیجابیە یەکسەر ئیستیقالەکەم کێشایەوەو دراندم ..

دوای ئەم ڕووداوە غانم عبدالجلیل پەیوەندی ئەما لەگەڵ حیزبە کوردیەکان دا کەواتە وەك لێپرسراوی (تنسیق) دوای ئەو (تاهە یاسین رەمەزان جەزراوی) کرایە لێپرسراوی تنسیق ومەوقفی لەگەڵ من دا زۆر باش بوو ، بەڵام مەلا عبدالله ی خۆش ناویست هەروەها عزیز عقراویش ، وەك وەزیری ئیشغال وئیسکان لە ١٩٧٤/٧/٨ وە تا ١٩٧٤/١١/٤ پارەوپوولێکی زۆرم دابەش کرد بەسەر پارێزگاکانی هەولێر وسلێمانی ودهۆك دا بەتایبەتی کە سەرۆکی بالای ئاوەدانکردنەوەی شمال بووم وئەم لیژنەیەش دوای بەیانی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ دامەزرابو ،ئەم لیژنەیە دەسەلاتێکی زۆری هەبو لە بواری سەرف دا ومنیش وەك سەرۆکی لیژنەکە دەسەڵاتێکی زۆرم دایە پارێزەرەکانی حوکمی ژاتی،هەروەها بەسەدەها کرێکارانی کوردم دامەزراند لەسەر ڕێگای هەولێر- مەخمور — هەولێر کویسنجق وکەرکوك وشوان و تەقتەق وکۆیسنجق وبەرەو رانیە وقەڵادزێ .. بە ماوەیەکی زۆر کورت ئەم ڕێگایانەم قیرتاو کرد .

هەروەها ڕێگای کەرکوك لەیلان کەرکوك قادر کەرەم لەگەڵ ڕێگای سلێمانی قەرەداغ وڕێگای کەلار کفری وریگای کفری کەرکوك لەگەڵ ڕێگای دهۆك زاخۆ هەروەها دهۆك موصل تا دەگا بە ڕێگای گەلی عەلی بەگ بۆ حاجی ئۆمەران وڕێگای رانیە پلنگان بەرەو چۆمان بۆ قیرتاوکردنی ئەم ڕێگایانە لیژنەیێکی بالا داندرابوو بەسەرۆکایەتی تاهە جەزراوی ، جەزراوی ڕای وابوو کە لەبەر وەزعی سەربازیتی (العسکری) پێویستە بە زوترین کات ئەم ڕێگایانە بکرێنەوەو قیرتاوبکرێن وبەشێوەیێکی زۆر باش منیش زۆرم پێ خۆش بو بەڵام باوەڕێکی تری جیاواز لەگەڵ ڕای جەزراوی هەرچەندە من ڕاکەی خۆم ئاشکرا نەدەکرد ، ئەویش ئەوەیە کە مەسەلەی ڕێگاوبان جگە لە خزمەت کردنی کوردستان وخەڵکەکەی

ئەو ڕۆژەی مەرسومەکەمان دەرچوو ئێمە لای نائب بوین ، بە ئێمەی وت ئەوەی بۆ مەلا مستەفامان کردووە یان بەلێنمان دابو پێی لەزەمانی ئێوە ئەنجامیان دەدەین ، بەڵکو زیاتریش عزیز عقراوی (هەڵەشە) هەلسایە سەرپێ ودەستی نایە بان شان صدام وپێی ووت : (انت اکبر بطل في التاريخ)

چەکێکی دوو دەمیە هەرچەندە سوپای عیراق سودی لێ وەردەگرێ بەهەمان جۆر پێشمەرگەش یان چەکدارانی کوردستانیش سوودی لێ وەردەگرن ولەم بارو دۆخەش نەبێ گەلی کورد واناسان نییە بتوانێ ئەم ڕێگاو بانانە قیرتاو بکا وناوچەکانی کوردستان ئاوەدان بکاتەوە ..

چۆن بووم بە وەزیر

لە ١٩٧٤/٤/٦ لە شاری موصل لە بارەگای پارتیمان پارتی شۆرشگێڕی کوردستان کۆرێکیان بۆم سازدابو ، موحازەرەم دەدا ، لەوکاتە دا ئاگاداریان کردمەوە کەوا لەکۆشکی کۆماری داوام دەکەن وپێویستە بەپەلە بگەڕێمەوە بۆ بەغدا ئەوەبو یەکسەر گەڕامەوە بۆ بەغدا وچوومە ئەنجومەنی نیشتمانی لەوێ چاوم بە نائب کەوت (صدام حسین) لە لای نائب ئاگادار کرامەوە کەوا بریاردراوە بکرێمە وەزیر پێش ئەوەی بگەمە لای نائب کەس لەم ڕووەوە قسەی لەگەڵم دا نەکردبوو دەربارەی ئەم مەوزوعە،لە کاتی دانیشتنمان دا بە نائبم وت: ئەبێ یەکێکی تر لە ئەندامانی حیزبەکەمان تەرشیح بکەم بۆ وەزیری لە جیاتی خۆم ، وتی نەخێر ئەگەر تۆ نەبی کەسی تر لە شۆرشگێڕ ناکرێ بە وەزیر منیش قەبوڵم کرد،مەلا عبدالله اسماعیل هەمان قسەی کرد .